# ڕێز وپلەوپایەی ئافرەت لە ئیسلامدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

سومەیە عبد الله (دایکی خالید)

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ مكانة المرأة في الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ڕێز وپلەوپایەی ئافرەت لە ئیسلامدا

دوژمنانی ئیسلام هەمیشە باس لەوە دەکەن کەگوایە ئیسلام زوڵم وستەمی لەئافرەت کردووە وهیچ مافێکی پێ ڕەوا نەبینیوە، یان تەنها وەك خزمەتکارێك سەیری ئافرەت دەکات ، یان ئەوەتانێ ئافرەت لەئیسلامدا هۆکاری لەزەت لێوەرگرتنە وبەس .

هەموو ئەمانە تانە وتەشەر وگومانن، وزۆر دوورن لەڕاستیەوە، ئەوەی کەمێك بە ئینصافەوە خوێندنەوەیەکی ووردی هەبێت بۆ مێژووی پێش هاتنی ئیسلام ئەوەی لاڕوون دەبێتەوە کەکاتێك پێغەمبەر ئیسلام هات چ ڕێزو پلەو پایە و مەکانەتێکی دا بەئافرەتان، لە زەلکاوی نەفامی ونەزانی دەریهێنا ن، کردنی بە هاوبەشی پیاوان، فەرمانی کرد بەکۆمەڵگا کە نەرم ونیان بن لەگەڵیاندا، بەکورتی وبەکوردی ئیسلام ئافرەتی وەك مرۆڤێك ناساند ب ە کۆمەڵگا دواکەوتەوەکانی ئەو سەردەمە .

عەرەب پێش هاتنی ئیسلام زۆر ڕقیان دەبوویەوە لە کچان، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە خاڵێکی ڕەش ولەکەیەکیان دادەنا بەنا وچەوانی ئەو کەسەوە کە کچی

دەبوو، ئاشكراشە لەمێژوودا باسكراوە كە هەندێك لە هۆزەكانی عەرەب لەبەر ئەوەی هەستیان بەشەرمەزرای دەكرد لەناو خەڵكدا ئەوانەیان كچی دەبوو هەر بەمندالی زیندە بەچاڵیان دەكرد ، بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزاری ولەكەیەی بەنێوچاوانیەوە بوو بیسڕێتەوە، خوای گەورە بۆمانی دەگێڕێتەوە ودەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ ﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴿٥٩﴾ {النحل : 58- 59} واتە : خۆ ئەگەر مژدەی بوونی كچ بدرێت بە یەكێك لەو نەفامانە، ڕووی گرژو تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە ﴿٥٨﴾ لە داخ و خەفەتی ئەو مژدە ناخۆشە، خۆی دەشارێتەوە لە خەڵكی و بەتەنها (بیر دەكاتەوە) ئایا بیهێڵێتەوە بە زەلیلی و سووكی و بێ نرخی، یاخود زیندە بەچاڵی بكات و بیخاتە توێی خاكەوە، ئاگاداربن؟! ئای كە چەندە خراپە ئەو بڕیارەی كە دەیدەن!! (وەچەو نەوەی خۆیان زیندە بەچاڵ دەكەن) ﴿٥٩﴾ .

لەسەردەمی نەفامی و پێش هاتنی ئیسلام ئافرەت ئەگەر مێردەكەی بمردایە ئەوا خزم وكەسوكارەكەی هەموو میراتی پیاوەكەیان دەبرد وئەویان بێ بەش

دەكرد، دوایش ئەگەر بیانوویستایە ئەوە دەیاندا بەكەسێكی تر، خۆ ئەگەر بیشیان وویستایە ئەوا تامردن نەیاندەهێشت شوو بكاتەوە وبەو حاڵەوە دەیانهێشتەوە، بەڵام كاتێك ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات هەموو ئەمانەی هەڵوەشاندەوە و ڕێز وپلەوپایەی بۆ ئافرەت وەك مرۆڤێك گەڕاندەوە وكردنی بەهاوبەشی پیاوان لەسەرجەم مافەكاندا .

ئەوەتانێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەف ەرمووودەیەكیدا لەم بارەیەوە دەفەرمویێت : « إنما النساء شقائق الرجال »{رواه أحمد وأبو داود والترمذي} واتە : ئافرەتان هاوبەش وهاوسەری پیاوانن لەمافەكاندا .

لەئیسلامدا بەهیچ شێوەیەك دژایەتی وناتەبایی نییە لەنێوان ئافرەت و پیاواندا ، وەك ئەوەی بێباوەڕان ودوژمنانی ئیسلام وەصفی دەكەن، بەڵكو پەیوەندی نێوان پیاوان وئافرەتان لەئیسلامدا پەیوەندی وپرۆسەیەكی یەكتر تەواوكردنە لەهەموو بوارەكانی ژیاندا .

خوای گەورە لەقورئاندا لەزۆر جێگادا باسی یەكسانی نێوان ئافرەت وپیاوی كردووە كە هەردوولایان یەكسانن لە باوەڕهێنان وكار وكردەوە

وپاداشتدانەودا، وەك فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ {الاحزاب : 35} واتە : بەڕاستی پیاوە موسوڵمانەكان و ئافرەتە موسوڵمانەكان وە پیاوە باوەڕدارەكان و ئافرەتە باوەڕدارەكان و پیاوانی هەمیشە گوێڕایەڵ و ئافرەتانی هەمیشە گوێڕایەڵ و پیاوە ڕاست گۆكان و ئافرەتە ڕاست گۆكان و پیاوان و ئافرەتانی خۆگرو بەئارام وە پیاوانی لەخوا ترس و ژنانی لەخوا ترس و پیاوان و ئافرەتانی بەخشندە و پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژوەوان پیاوان و ئافرەتانی داوێن پاك پیاوانێ كە زۆر یادی خوا دەكەن و ئافرەتانێ كە زۆر یادی خوا دەكەن خوای گەورە لێخۆش بوون و پاداشتی گەورەی بۆ بۆ هەموویان ئامادە كردووە .

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە شان بەشانی پیاوان ئافرەتانیشی باسكردووە و جودای نەكردونەتەوە، لەسەرجەم بوارەكاندا ، هاوبەشی كردوون لەگەڵ پیاواندا .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ {غافر : 40} واتە : هەرکەسێك خراپەیەکی کرد 'لەدونیادا' هەر بەقەدەر ئەوە تۆڵەی لێ دەسنرێت، ئەوەش چاکەیەکی کرد لە پیاو، یان لە ژن، و لەهەمان کاتدا بڕواداریش بێت، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە وبێ ئەژمارو بێ سنوور لەوێدا رزق و رۆزیان ئەدرێتێ واتە: مەگەر تەنها خوا خۆی بزانێ چۆن پاداشتیان ئەداتەوە .

پێغەمبەری خوادش (صلى الله عليه وسلم) باسی خۆشەویستی خۆی کردووە بۆ ئافرەتان وفەرموویەتی : « حبب إلي من دنياكم النساء والطيب وجعلت قرة عيني في الصلاة » {رواه أحمد والنسائي وصححه الالباني} واتە : لەدونیاتان ئافرەت وبۆنی خۆشم لا خۆشەویست کراوە، وە ڕووناکی چاوەکانیشم لەنوێژدا دانراوە .

زۆر ئەستەمە پێغەمبەرێك (صلى الله عليه وسلم) بەم شێوەیە باسی خۆشەویستی خۆی بکات بۆ ئافرەتان کەچی لەوە لاشەوە زوڵم وستەمی لێ بکات، یان ڕقی لێی بێتەوە، ئەمە هەرگیز ڕێی تێ ناچێت.

بۆیە کاتێك نیوە دوورگەی عەرەب خێرەندار بوو بەهاتنی پێغەمبەری ئیسلام ئیتر لەو ڕۆژەوە بەدواوە حاڵ و گوزەرانی ئافرەتان گۆڕا وهەموو ئەو نەریت وعورفە جاهیلیانەی لەناو کۆمەڵگەدا سڕیەوە وقەدەغەی کرد کە ئافرەتان زیندەبەچاڵ بکرێن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هانی باوکان ودایکانیشی دا کە بەپەروەردەیەکی ڕاست ودروست کیژەکانیان پەروەردە بکەن ، ووەصیەتیشی کرد بەکۆمەڵگا کە بەچاکی لەگەڵ ئافرەتاندا مامەڵە بکەن، تەماشا بکەن بزانن پێغەمبەری ئیسلام بەچ شێوەیەك باسی پەروەردەکردنی کچان وپاداشتی گەورەی ئەو کەسەش دەکات کە  بە پەروەردەیەکی ئیسلامیانە پەرورەردەیان دەکات، لەم بارەیەوە فەرموویەتی :  « من عال جاريتين حتى تبلغا، جاء يوم القيامة أنا وهو - وضم بين أصابعه - »{ رواه مسلم} واتە هەرکەس دوو کچ پەروەردە وبەخێو بکات تا باڵغ دەبن، ئەوە لەڕۆژی دواییدا من وئەو کەسە ئاوەهاین _ئاماژەی بەهەردوو پەنجەکەی کرد - .

ئەمەش ئاماژەیە بە بەرزی وگەورەیی وپلەوپایەی ئەو کەسە، تەنها لەبەر ئەوەی دوو کچی خۆی بەخێوکردووە تاوەکو باڵغ بوون لەبەهەشتدا دەبێتە هاورێی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) .

لەفەرموودەیەکی تری نزیك لەم واتایە فەرموویەتی : « من كان له ثلاث بنات، أو ثلاث أخوات، أو بنتان، أو أختان، فأحسن صحبتهن ، واتقى الله فيهن، فله الجنة » {رواه الترمذي وصححه الألباني } واته : هەرکەسێك سێ کچی، یان سێ خوشکی، یان دوو کچی یان دوو خوشکی، بەباشی پەروەردە بکات ولەگەڵیاندا مامەڵەی باش بێت ولەخوا برتسێت لەهەقیاندا، ئەوە بەهەشت بۆ ئەوە .

لەبواری فێکردن وپەروەردەکردنیشدا پێغەمبەری ئیسلام ڕۆژێکی بۆ ئافرەتان دیاری کرد ، لەو ڕۆژەدا کۆدەبوونەوە وئەوەی خوای گەورە بۆی ناردبوو لەوەحی بۆی باس دەکردن ودینەکەی فێردەکردن.

ئیسلام وەك ئەوەی دوژمنان و نەیارانی باس دەکەن، ئافرەتی زیندان نەکردووە لەقوژینی ماڵەوەدا وگۆشەگیری کردبێت، نەخێر واللە بەڵکو ڕێگای

بەئافرەتان داوە لەماڵ بچنە دەرەوە بۆ سەردانی کردنی خزمان ونەخۆش و جێ بەجێکردنی پێداویستیەکانی خۆیان لەکڕینی کەل وپەل لەبازاڕ وهاتووچۆی مزگەوت وئامادەبوون لەنوێژەکانیشدا ، بەڵام بەم ەرجێك كە پارێزگاری لە جلوبەرگ وشەرم وحەیای خۆیان بکەن، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو نەهیشی کردووەکە هیچ کەسێك ڕێگریان بکات لەهاتوچۆی مزگەوت، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « لا تمنعوا نسائكم المساجد » {رواه أحمد والترمذي} واتە : ڕێگری ئافرەتەکانتان مەکەن لەچوونیان بۆ مزگەوتەکان .

وە وەصیەتیشی کردووە بۆ ئوممەتەکەی کە لەگەڵ ئافرەتاندا باش بن، وەك فەرموویەتی : « استوصوا بالنساء خيرا » {متفق عليه} واتە : وەصیەت بکەن کەلەگەڵ ئافرەتاندا بەباشی هەڵسوکەوت بکەن .

هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر مامەڵی جوانی ئیسلام لەگەڵ ئافرەتاندا، لەڕێز ویلەوپایە ومەکانەتیان، لە ڕەچاوکردنی مافەکانیان، لە ئەزیەت وئازارنەدانیان، بەپێچوانەشەوە هەرکەسێك ئەم وەصیتانەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پشتگوێ بخات دووچاری سزای خوای گەورە دەبێتەوە.